# له نێوان پۆڵ گۆگان وڤان کوخ دا

**مەجید خۆشناو**

له ئاداری سـالێ ١٨٨٦ز ڤـان کوخ دەچێته شـاری (پاریـس) بـه جلێکی شـڕو بەرگێکی دڕاوو کەڵ و پەڵی نیگارکێشـان پێشوازی لێ دەکرێت.

ئەوکاته پەیوەندی بە گەلێک له هونەرمەندانی گەورەی ئەو سـەردەم کردبوو. له وانه تولوز لـو تریـک، ئەمیل برنـا، سیسـلێ و/ مونێ و، بێسـارۆ، دیغـاس ئـەو کـەژو هەوایـه بونه هانـدەری زیاتری نیگار کێشـانی. هەر چەنده ڤان کوخ له گەڵ هەڵسـوکەوتیان ته ئەگونجاو گاڵتەی بەڕاوو بۆ چونیان دەکرد.

ئـەو کاتـی خـۆی زۆر بـه نیگار کێشـان ئەبردەسەر ڕۆژێک له ڕۆژان ڤان کوخ خەریکی فرۆشـتنی یەکێـک لـه تابلۆکانی(کەڤاڵەکانی) دەبێـت، لـه سـەر یەکێـک لـه شۆسـتەکان دانیشـتوە، چـاوی بـه هونەرمەندێکـی جل و بەرگ شـڕو دڕاو دەکەوێت لـه وێنەی خۆی، ئـەو هونەرمەنـده (پۆڵ گـۆگان) دەبێت، ئەمه یەکـەم ناسـینی پۆڵ گۆگان و یەکتر ناسـینی هـەردو هونەرمەنـد بو هـەر ئەو ناسـین بو کەهاوڕێیەتیـان ڕۆژ بەڕۆژبەهێـز تـر دەبوو گۆگان له نیگار کێشـانا شـێوەی ئارام و پۆڵ گۆگان له تەمەنی ٣٨ ساڵیدا دوور له خێزان و خزم و کەس و کاریدا ژیانی دەبردەسەر، ئەم دوو هونەرمەنده له پاریس هەسـتی نامۆیی و برسـیەتی و ناخۆشی ژیان له یەک کاتدا کۆی کردنەوە. هەردوکیان خەریکی نیگارکێشـان و بەرهەم هێنانی هونەری بوون. ڤان کوخ وەک هـاوڕێ و هونەرمەندێکـی گـەورە دەیڕاونیه پۆڵ گۆگان.

چونکـه ئەو بیروبـاوەڕەی لای " ڤان کوخ" چاندبو کـه هونەر پەیامێکی پیـرۆزه له ژیان زۆر غەمـی لـه بیردەباتـەوە. لەسـەرەتای بەهاری سـالێ ١٨٨٨ز ڤان کـوخ و گۆگان له شوێنێکی ئارامی شاری(ئاڕل) پێکەوە دەژیان، لەیەک وێنەگادا خەریکی تابلۆ کێشـان بوون، نیگارکێـش بو بە تەنیا چارە نوسـیان له ژیان دا دوور کەوتنەوە له شـادی و ئازاد بونی له کێشـەی هەڵچونـی هەڵبژار بـوو. کەچی ڤان کوخ...

شـێوەیەکی تونـدو ڕەنگـی گـەرم و ئاگر بەردانه ویژدانی وروژاندنی گیانی شۆڕشگێری بە پەسـەند دەزانی، لەگەڵ ئەوەی زۆر کاتیان بەنیـگار کێشـان دەبردەسـەر زۆر کاتیـش بەگفتوگۆ له سـەر شـێوەو ڕێچکەی هونەری و گۆڕینـەوەی بیـرورا. زۆر جاریـش ئـەو گفتوگۆیـه بە ناکۆکی و ناخۆشـی ودڵ زوێر بون له یەکتر کۆتایی دەهات. جارێک له جاران گۆگان نەخۆش دەکەوێت بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ له نـاو جێـگا دەمێنێتەوە. کۆخ ناچـار دەبێت کارەکەی جێ بهێڵێت و خزمەتی بکات، ئەمەش بو بە سەر گەردانی بۆ هەر دوکیان هەر دوای هەڵسانەوەی گۆکان له نەخۆشیەکەی ئەمجارە دو دلّی و دڵتەنگی بە ڕۆکی، ڕوی له ڤان کوخ کردەوە.

زۆر گۆڕان بەسـەر بـاری دەرونی داهات وشێوەی هەڵسوکەوتی گۆڕاو بە توندی لەگەڵ گۆگانی هاوڕێ ی ڕەفتاری دەکرد. زۆر جاران بەجوێن دان هەستی بریندار دەکرد، گۆگانیش وەک شـێت دەهاتـه بـەر چـاوی. جارێک له جاران گۆگان له ناو جێگا(پێ خەفی) ڕادەپەڕێ ئەبینێ ڤان کوخ بەم شـەوە لـه ناو جێگاکەی دابەزیوە هەوڵی خنکاندنی دەدات، دەپرسـێت ئەوە چیته یا ڤانسنت؟ ڤان کوخیش دەچێتەوە ناو جێگاکەی بێ ئەوەی هەسته لێوە بێت.

خوێنەری بە ڕێز ئەوە چەند بەسـەر هاتێک بوو له ژیانی ئەم دوو کەڵه هونەرمەنده .

**سەرچاوە و پەراویز**

**صدقی اسماعیل/ مواقف انسانیه رامبۆ ڤان کوخ**



ڤان کوخ

# چەمک و مێژووی تیرۆرو ئیرهاب

**بەشی دووەم و کۆتایی**

**سۆران عمر**

(د. اسماعیل الغزال) له کتێبی (الأرهاب والقانون الدولی) دا بۆچوونی (فرید لاند _ Fried land) ی هێناوه کەدەڵێت: (ئیرهاب بەکارهێنانی تەکتیکیانەی توندوتیژی یه که دۆخێکی گشتی له ترسی دروسـت ئەکات لەنـاو بەشی زۆری جەماوەردا) .

بەدیدگای عرەبیش(د. محمد عبد العزیز سرحـان) لـه (حـول تعریف الأرهـاب) دا دەڵـێ: (ئیرهابی دەولـی دەکەوێته سـەر بەکارهێنانی هێز بەشێوەیەکی نامەشروع و پێی وایه ئیرهاب قاڵبێکی نێو دەوڵـەتـی وەرگـرتـووە کـەتـاک و کۆمەڵ پێی هەڵدەستێ) .

(د. صلاح الدین عامر) یش له کتێبی (المقاومه الشعبیه المسلحه من القانون الدولی العام) دا دەنووسێ (زاراوەی ئیرهـاب لـه سـەردەمـی هـاوچـەرخدا ئاماژەیه بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی به شێوەیەکی ڕێکخراو بۆ لێکۆڵینەوەی ئامانجێکی سیاسی وبـه شـێوەیەکی تایبەتی هەموو کردەوە توندو تیژەکانی (ڕووداوی دەسـت درێـژی کردنی تاک و کۆمەڵ و تێکدان) دەگرێتەوە، کە ڕێکخراو یـان حیزبێکی سیاسی پێی هەڵدەستێ دژ بـه هـاوڵاتیان بۆ نەهێشتنی ئاسایش و هێمنی.

(د. ادونیس العکره) له کتێبی (الأرهاب السـیاسـی ) دا دەڵـێـت : (ئیـرهـاب دیاردەیەکی سیاسی یه ) .

(د. ادونیس العکره ) له کتێبی (الأرهاب والعنف السیاسی) دا ڕەخنه له پێناسانه دەگرێ کەتەنها بەلایەنی مادی لەڕووی (کـردار) ەوه یان له لایەنی قانونی به (تـاوان) یـان لـه ڕووی ئەخلاقی یان سیاسی یەوە دیاردەیەکە دەبینن کە راسـتـر وایـه هـەمـوو ئـەم مەسـەلانه له پێش چاو بێ و بەتەنها بوارێکیان نەخوێندرێتەوە بەڵکو هەموویان پێکەوه گرێ بدرێن .

د. ئـەحـمـەد لـەدوایـیـدا بـەم جۆره پێناسەی ئیرهاب دەکـات کـه (توندو تیژیەکی ڕێکخـراوە و پەیوەسته به ئامانجی خولقاندنی هەرەشەی گشتی ئاراسته کراو بۆ دەوڵەت یان کۆمەڵێکی سیاسی) .

لێرەوە کۆمەڵێک هۆکاری پێشگیری لـه کـاری ئیرهاب بەپێی ڕێکەوتنامه نێودەوڵەتیەکان بڕیاری لەسەر دراوە کە ئەوانیش دەچنه خانەی ئیرهابەوە و سزادانی پێشێڵکارانی مافی مرۆڤ و دادگـای کردنی تاوانبارانی کردەوه ئیرهابیەکانە، ئـەوەشـی کـه خاڵێکی ئامانجداری عەنیفە و بڕیاری له سەر دراوە وروووژانـدنـی ئـەم دیاردەیـه له کەناڵەکانی ڕاگـەیـانـدنـەوە بـەڵام ئەم ڕاگەیاندنەش بۆ خۆی چۆتە قۆناغێکی ترسناکی ئیرهابەی فیکریەوە کە بەم هۆکارە ڕۆڵێکی سلبی لـەسـەر چەند کەس و کۆمەڵەو دەوڵەتێک دروست کراوە به مەبەستی شێواندانی ڕووکاری حەقیقیان، بە کورتی مەسەلەی ئیرهاب موزادەیەکی تری زلهێزانە کەبەرامبەر نـەیارانیان لـه بـەرژەوەنـدی خۆیان دەیـهـروژێـنـن و گرنگی پـێـدادەدەن و پێشیان وایه هاوکاری کردنی ڕەسیا بەئەرکی خۆیان دەزانن چونکە یەکێک لە خاڵەکانی کە هۆکاری بەربەرەکانی ئیرهابە بریتی یە لە (التعاون بین الدول علی نگاق واسـع فی مجال مکافحه الارهـــاب ) هـاریـکـاری عـەربیش له ئاستی وەزارەتی (ناوخۆ و ڕاگەیاندن و داد) دا گەیشتوون بە چەند بڕیارێک بۆ بـەربـەرەکانی ئیرهاب لەمیانەی ڕێکەوتنـەکانی وەزارەتـــی نـاوخـۆی وڵاتانی عەرەبیدا تاکو ساڵی (١٩٩٤). له ساڵی (١٩٩٧) ەوه (١١) کۆنگرەی بەسـتووە بـه شـێوەیەکی حەقیقیش له ساڵی (١٩٩٣) ەوە هـاوکاریان له نێوان یەکتریدا بەئاکام گەیاندووە وە ئـەم ئەنجومەنی وەزیرانی داخلی عـەرەبیـە(٤) نووسینگەی کـەورەی له (بغداد، دیمەشق، عەممان، دار البیچاء) بۆ دانراوە.

ئەو هێرشه ڕاگەیاندنانەی کەبەو جۆره دەکرێته سـەر ئـەو گرەپەو کەسانەی خۆیان بە ئیرهابی دەزانـن بەتایبەت ئیسلامیەکان سەرچاوەی لە ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاگەیاندنی وڵاتانی عەرەبیوە وەرگرتووە کە بەفیعلی له دەورەی (٢٦) ی کۆبوونەوەکانیان له قاهیره له ساڵی (١٩٩٣) بەسترا دەربـارەی چۆنیەتی ڕوبەڕوو بوونەوەی ئیرهاب، کەهەموو ئاکانج تیایدا ناشرین کردنی ڕووکاری حەقیقی ئیسلامیەکانە، بەتایبەتی میسر کە ساڵی (١٩٩٥) پڕۆژەیەکی پێشکەش بەرێکخراوەی نـەتـەوە یەکگرتوەکان کرد یەکێک له پێشنیارەکانی (زیـادە الـتـعـاون بـی منقمه الامـم المتحده ووکالاتها المتخصصه فی مجال مکافحه الارهاب)بوو.

هـەرچـەنـدە نـیـوەی تـەواوی کـاره ئیرهابیەکان کـەلـه سـاڵانی حەفتادا ڕوویـداوە له ئەوروپادا بووە، (٢١٪)ه لـه ئەمریکای لاتینی و (١٤٪) ی له ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا ئەنجام دراوە ئـەم دادگـایـیـانـەشـی کـه دروسـتیـان کـردووە دوای جـەنگە جیهانیەکان وڵاتـانـی زلـهێزای وەک(بـەریـتـانـیـا و فەرەنسا ویەکێتی سۆڤیەت و وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) پێی هەستان بۆ دادگایی کردنی (تاوانبارانی جەنگ و تاوانباران دژی کۆمەڵی بەشەری و تاوانبارانی دژ بە ئاشتی و ئاسایشی نەتەوەکان). بەم جۆرە گەیشتنە چوار ڕێکەوتنامەی (جنێف) ساڵی (١٩٤٩).

جەنگیش فەزایەکی بەرینی لە ئیرهاب تـەنـیـوە هـەرچـەنـدە سـاڵـی (١٩٤٩) ڕێکەوتنامەی جنێف ئیمزا کرا دەربارەی پاراستنی هاوڵاتیان له ساڵی(١٩٧٧) بە ئامادەبوونی نوێنەرانی (١٠٩) دەوڵەت بڕیار لەسەر دوو پڕۆتۆکۆلی زیادە درا بۆ سـەر بڕیارەکانی ڕێکەوتنی جنێف کە لە ساڵی (١٩٤٩) لە سەری پێک هـاتبوون کـە ڕێکەوتنامەکە لە (١٠٢) مادەو دوو پاشکۆدا بەرجەستە دەبێ، هـەر دەربـارەی ئەو تاوانانەی دژ بـە مرۆڤایەتی ئـەنـجام دەدەرێ سێ ڕێکەوتنامەی (١٩٧٣،١٩٦٥،١٩٤٨) لـە لایـەن ڕێـکـخـراوەی نـەتـەوە یەکگرتووەکانەوە دەرکراوە! هەروەها پرۆژەی تەسلیم بە لیژنەی یاسای نێو دەوڵەتی کردووە له ساڵی (١٩٥٤،١٩٥١) دا سـەبـارەت بە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی بەشەری ئەمانەش دەرەنجامی هـەمـوو ئـەو کـردارە ئیرهابیانە بوو کەلە ئـەوروپـادا ئەنجام دەدرا، هەر لـە تـیـرۆرو ڕفـانـدنـی دبلۆماسیین و دەست بەسەراگرتنی فرۆکەی مەدەنی و تەقاندنەوەی باڵوێخانەو کوشتنی نوێنەری دەوڵەتانەوە.

لـە کـوردسـتـانـیـش بـەهـۆی چەند حاڵـتێکەوە ڕەنگـە دیـاردەی تیرۆر و ئـیـرهـاب سـەری کێشابێ و بە دەرکەوتبێت ئەویش چەند هۆکارێک بوونەتە واقعی خولقاندنی وەک:

١- شـەری نـاوخـۆو پارچەکردنی کوردستان بۆ چەند ئیدارەیەکی لێک دابڕاو (بەرلەئێستا) .

٢- ڕۆڵی سلبی ڕاگەیاندن وله بەرو خراپ بردنی دیاردەو کێشەکان .

٣- هاتنە نـاوەوەی وڵاتانی بێگانەو دەسـت خستنە کـاروبـاری ناوچەکە بەهەدەفی ئاژاوە گێری .

٤- هـەوڵـدان بـۆ دروسـتـکـردنـی کێشەو قەیرانی نێوان ئیسلامیەکان و عیلمانیەکان .

بـەڵام دەتـوانـرێـت چەند خاڵێکیش وەک چارەسەر بکرێت بۆ نەهێشتنی هـەر ئیرهاب و تیرۆرێک کە ئەنجام دەدرێت:

ئاشتیەکی سـەرتـاسـەر بهێنرێتە مـەیدانی عـەمـەلی کـەتـەواوی هەوڵە لێکدابڕاوو ئیدارە جیاکراوەکام یەک بخاتەوە.

دادگایەکی حکومی بێ لایەن دەسەڵاتی چەسپاندنی یاسایی پێبدرێت بەسەر تاوانباراندا تاکو بۆ ڕێگری لە ئیرهاب پەنا بۆ تیرۆرو ئیرهاب نەبرێت.

قەدەغەکردنی دیاردەی چەکداری بە شێوە بەربڵاوەو پارێزگاری کردن لە سنوورەکانی کوردستان.

# پەیڤێک بۆ یادی شەهیدانی شەقلاوە

**تایبەته بۆ باوکم شەهید دکتۆر یوسف**

بۆ قارەمانی داستانی دکتور یوسف
بابە گیان هەڵسە خەزەل وەرێنە
لە هەوارگەی شەقلاوەی دێرین یادی شەهیدە
٢٣ مەشخەڵی ئاگر کوژایەوە
بابە گیان هەر دەمێ دێمە سەر قەبرت
دڵم دەتەزی وەک بۆمەلەرزە
بابە ئەگەر بتوانی ئەم شەهیدانە تیماریان بکە
کاکە جهاد و محمد و دوابرا نریمان وسفین
هیوا وگیلان و باوکی نوزاد وفلاح
چوار برا عبد الخالق و وسو قادر و مجید
حمید وحسن چیمن خان
مستەفا وسو حەمید وشێروان
ماموستا ئەحمد حسن وسابیر وئەحمەد
لە ڕۆژی ١٩٨٧/١٠/١٤ دستگیر کران
لە ڕۆژی ١٩٨٧/١١/١٤ لە سێدارە دران
چاوەروانی دەرهاتنتان دەکراله بەندیخانه
خەبەرێکی زۆر ناخۆش هات له کاتی ئێوارە
وتیان ٢٣ نەفەر لەسێدارە دراوە
خودایە بۆچی ئەم غەدرە کراوە
لە گەنجو وپیرو وناخوشو ئافرتیان داناوە
شقلاوەێ دێرین ٢٣ مۆم بە یەک جارلێت کوژایەوە
ئەی باوکی قسە خۆشم دکتۆری شەقلاوە
هەتا دەمرم بمخێنە ژێر خاکەوە
لە بیرتان ناکەم تۆ شەهیدەکان هەتا دونیا ماوە

**سەمیرە یوسف**

# بە ژمارە بەشداری ژنان لە کارگێری رامیاری له جیهان دا

هەولی ژنـان له جیهان دا بـەردەوامـه له پێناو دەسته بەرکردنی مافەکانیان به تایبەتی مافی دەسەڵات و بەشداریکردن له پرۆسەی کارگێری سیاسی و هاوبەشی کردن له گەل پیاوان دا. بەڵام تا ئێستا ئەم مافه له زۆر بەی وولاتانی جیهانی پێشێل دەکرێت و تەنانەت لـه هـەندێ وولاتـی ڕۆژهـەڵاتـی وئیسلامی بۆی نیه و مافی ئـەوەی پێ نـەدراوە که ئوتۆمۆبیلیش لیبخورێ وەیالەهەندێ وولات تـروسـکـای چـاویشـی نـابێ دەربـکـەوێت وەیالەهەندێ وولات تا ئیستاش که منداڵیان دەبێت جیـاوازی زۆری نـێوان کـورو کچ دەکرێت.

وەلـــه هـەنـدێـک وولات بـازرگـانـی پێوەدەکرێت. وەیـا زیندەبەچاڵ دەکرێت. سەیروسەمەرەکانی ئەم جیهانە له وەدایە ئەوەی که دەسەڵاتی پیاو بەخۆی دەدات به ژنانی نادات ولێرەداکێشەکه سەرهەڵدەدات وبـاری کـۆمـەڵایـەتـی وخـێـزانـداری له هەڵوەشانەوەو هەلتەکاندن دایە.

لە جیهان دا تەنها (١١) ژن سەرۆکایەتی وولاتیـان بەدەستە وەیـە (٧) لە وانـەوەک سەرۆک وولات لە: فنلندا، سریلانکا، فیلیپین، ئێرلەندە، بەنەما، ئەندەنوسیا، لاتفیا. بەڵام(٤) لە مانە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیان بەدەستەوەیەوەک: نیوزیلەندە، موزەنبیق، بەنگلادیش، ساوتوم برنیسب.

ئەو دەولەتانەی کەسەرۆکایەتی وولاتیان بەدەستە وەبەرێژەیان ٥،٦٪ لە جیهان دا. بـەلام بەپلە وپایەی وەزیـر ژمـارەیـان لە گۆران دایە لە جیهاندا. یەکەم وەزیری ژن لە دانمارک لە سالی ١٩٢٤ دامـەزرا وەک وەزیـری پـەروەردە بەپێ ئـەو ئامـارەی کـەنـەتـەوە یەککگرتووەکان لەسالی ٢٠٠٤ بڵاوی کردووە دەربارەی بەشداری ژنان لە حکومەتەکانیاندا لە هەموو جیهان لە سالی ١٩٨٧ ڕێژەی ٣،٤٪ یان پێک دەهێنا، دوای ٩ سـال گەیشت ٦،٨٪ وەبۆ سـالی ٢٠٠٤ بەرزبۆوەبۆ ١١،٢. ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات ئەو یەکسانی یە لە نیوان پیاوژن دا لە سالی ٢٠٧٥ یەکسان دەبێت.

بـۆ یـەکـەم جارلـە مـێژوو لـە سوید وئیسپانیا ژن وپیاو بەیەکسانی بەشداری حکومەتەکانیان کرد واتـە ٥٠٪ بۆ پۆستی وەزارەتەکان. دواتر فنلندا بەرێژەی ٤٤،٤٪، ئەلمانیا وباشوری ئەفریقیاش بۆ ٤٢،٩٪، دوارت لوکسمبرک بۆ ٤٠٪ کولومبیا ٣٨،٥٪ نەرویج ٣٨،٩٪ فیلیپین ٣٢،٣٪ وەلە عیراق گەیشتە ١٨٪ کە بەرزترین ریژەیە لە مێژووی وەڵاتانی عەرەبی.

بـەلام بەپێ ی کیشوەرەکان ئـەوروپا بەپلە یەکەم دێت وریژەی ١٨٪ دەگرێتەوە، هـەردووا ئەمریکا رێـژەی ١٤،٧٪ ئەفریقا ١٠،٨٪، ئاسیا ٦،٩٪ .

گشت وەزیرەکان لە جیهان بەم شێوەیەیە: لە بـواری کۆمەلایەتی ١٤٪ قانون ٩،٤٪ ئابووری ٤،١٪، رامیاری ٣،٤٪ بەلام لەبارەی جێ بـەجێ کـردنـەوە رێـژەیـان لـە ٣،٩٪ تێپەرناکات.

وەلەناو هەموو دەوڵەتانی جیهانی (١٢) دەولـــەت ژن بـەشـداری نـاکـات لـە پلەی وەزارەتـەکـان (وەزیـر)، ٩ لەو دەوڵەتانە لە ئاسیان: لبنان، لیبیا، کۆریای باشور، سعودیە دورگەکانی سولومون، برۆنـای، مانیمار، تونگا، توفالو. وەدوودەولەت هیچ وەزیفەیەکی لە ئەنجومەنی وەزیرانادا نی یە.

لە ئەوروپا مۆناکو وسربیا- مونتینگرۆ، وەلە ئەمریکای باشوور ئوروگوای.

بـەلام رێژەی ژنـان لە پەرلەمانەکان لە هـەمووجیهان تـەنـها ١٥٪ پـێک دەهـێنن. وەبـەرزتـریـن رێـژە لـە وولاتـی روانـدایـە کەدەگاتە ٤٨،٨٪ ئەمریکا (USA) فرنسا ١١،٨٪ یابان ١٠٪ .

لەبەرلەمانی عیراقی پێشو ٣٠٪ بوو کە بۆیەکەمجار ئەم ژمارەیە هەلبژێردا کە لە جیهان دەنگی دایەوە.

بەڵام مافی دەنگدان و هەلبژاردن لە جیهان نیوزیلەندە بەپلەی یەکەم دێت کە لە سالی ١٨٩٣ ئەو مافەی پێ دراوە. دواتر ئوستراليا لە سالی ١٩٠٢ دواتر بەریتانیا، کەنەدا، فنلندا، ئەلمانیا، سوید. وەلەنـاوەراسـتـی سـەدەی بیست لە چین وفرنسا وهند وئیتالیا و یابان وە ژمارەیەکی لە دەولەتان.

وەلـە نـێـوان دەولـەتـەگـەشـەسـەنـدوەکـان کەمافی خۆ هەلبژاردنی بەژنان داوە ئەلبانیا لە سالی ١٩٢٠ مەنگولیا ١٩٢٤، ئکوادۆر ١٩٢٩ تورکیا ١٩٣٠ سیرلانکا ١٩٣١، وەلەو دەولـەتـانـەی کە دوا کـەوت سویسرایە لە سالی ١٩٧٠وە عیراق ١٩٨٠، نامیبیا ١٩٨٩، باشوری ئەفریقا (رەشەکان) ١٩٩٤. بەلام لە کوێت تائەم دواییەش مافی دەنگدانی نەبووتا ٢٣ی ئایاری ٢٠٠٥ ئەو مافەی بەژنان دا.

وەلە دەستەی نەتەوە یەککگرتووەکان تەنها ٩٪ ی ژنە لەوەزیفە کارگێری یەکانی باڵادا. وە ٢١٪ لە پلە گـەورە کانی کارگیری وە ٤٨٪ لە فەرمانبەرە خزمەتکوزاریە مەدەنی یەکاندا وەلەنێو بالویزەکانی ئەم دەستەیە تەنها ٩ بالویز هەیە کە لە (فنلدا، غینیا و جامایکا وکازاخستان و قەرەغێریا ولیبریا و لیشتشتاین وسومال و تورکمستان) ن .

**جەمیل عیسا**